# ڕێبەری شەشەم – وانەی ٢٠

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**رابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ١ سالۆنیکی |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (١ سالۆنیکی ٢-٥).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات . تێبینەکانتان بنوسنەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا ٦: ٣٧ |

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن بۆ یۆحەنا ٦: ٣٧ .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) یۆحەنا ٨: ١- ٥٩ |

**پێشەکی** : یۆحەنا ٨: ١- ٥٩ پێناسەی ئەوەمان بۆ دەکات کە عیسای مەسیح بانگی ئەو ژنە دەکات بۆلای خۆی کە لە داوێن پیسی کردندا دەستگیرکرابوو . عیسا شایەتی دەدات لەبارەی خۆیەوە و هۆشداری حوکمدان دەکات لەکاتێکدا باوەڕ بە شایەتیەکەی نەکرێ. لە کۆتاییدا ، عیسا لەبارەی نەوە ڕاستەقینەکانی ئیبراهیمەوە فێرکردن پێشکەش دەکات.

**هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا**
پێکەوە یۆحەنا ٨: ١- ٥٩ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

**هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان**
**بیرکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
**بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

**یۆحەنا ٨: ٣٠**

<u>**ئاشکراکردنی ١ : دەشێ باوەڕداران بە عیسای مەسیح ببنە دوژمنی عیسای مەسیح .**</u>

**تێبینیەکان .**

**أ. ئەو باوەڕدارانەی عیسای مەسیح کە بوونە دوژمنی عیسا .**

یۆحەنا ٨: ٣٠- ٣٢ دەخوێنینەوە لەبارەی زۆربەی ئەو جولەکانەی باوەڕیان بە عیسای مەسیح هێنا. کاتێ عیسا پێی فەرموون ئەگەر لە وشەکانیدا جێگر بن ، واتە ئەگەر گوێڕایەڵی فێرکردنەکانی بن و بەپێی فێرکردنەکانی بژین ، دەبنە قوتابی ئەو بەڕاستی و ڕاستیش ئازادیان دەکات . بەڵام دەقەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەوانەی باوەڕیان هێنابوو زۆر بە توندی بەرهەڵستیان دەکرد دوای ئەو ئایەتانە. بەرهەڵستی وتەکانی مەسیحیان کرد بەوەی کە ئەوان کۆیلەی کەس نەبوونە ، وە نەوەیەکی زۆڵ و ناشەرعی نین ( یۆحەنا ٨: ٤٨). لەم بەشەدا گۆڕانی هەڵوێست دەبینین بەرامبەر بە عیسا . لەسەرەتادا ، ئەوانە هەڵوێستێکی باشیان هەبوو بەرامبەر بە عیسا ، دواتر هەڵوێستیان گۆڕا ، بوونە دوژمنی !

**ب. جیاوازی نێوان باوەڕی ڕوکەش و باوەڕی دڵسۆزانە .**

لەم بەشەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دەشی خەڵکی باوەڕدار بە عیسای مەسیح بهێنن ، بەڵام بێ ئەوەی بەردەوام بن لە باوەڕەکەیان ، واتە ئەوانە هەڵدەگەڕێنەوە ، یان دەکەون ، یان لە ڕاستیدا دەبنە دوژمنی عیسای مەسیح . بەڵام جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان باوەڕی ڕواڵەت و باوەڕی دڵسۆزانەو ڕاستەقینە. باوەڕی ڕواڵەت تەنها قەناعەتێکی فکریە .
بیروباوەڕێکی کاتییە پێیْ وایە هەندێ ڕاستی هەیە . باوەڕی ڕواڵەت هیچ جۆرە پەیوەست بوونێکی نیە . بەڵام باوەڕی دڵسۆزانە ( واتە باوەڕێکی ڕاستەقینە ئەوەی دەتبات بەرەو ڕزگاری) ئەویش ڕادەست کردنی خودو دڵە بە عیسای مەسیح ، بە هەموو عەقڵ و سۆزداری و ویست و ئارەزومەندانەو لە هەموو کارێکدا. هەروەها باوەڕی دڵسۆزانە پەیوەست بوون و خۆتەرخان کردن و هەموو ژیان بۆ عیسای مەسیح لەخۆدەگرێت . زۆرجار کرداری داهاتوو بەکاردێت " باوەڕدەهێنێ " بە واتای بەردەوام بوون وەك ئاماژەیەك بۆ باوەڕی دڵسۆزانەو ڕاستەقینە !
بۆ نمونە ، لە یۆحەنا ٣: ١٦ دەخوێنینەوە : " تاکو هەر کەسێك باوەڕی پێ

بهێنێت لەناو نەچێت ،(بە بەردەوامی ) بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت."
هەروەها بەشێوەی کرداری داهاتوو بەم واتایەش بەکاردێت لە یۆحەنا ٣: ١٨ : " ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت (بەردەوام بێت لە باوەڕی بە ئەو) حوکم نادرێت ، بەڵام ئەوەی باوەڕ ناهێنێ ئەوا حوکم دراوە ، چونکە باوەڕی بەناوی کوڕە تاقانەکەی خودا نەهێناوە ." (هەروەها بڕوانە یۆحەنا ٦: ٣٥، ٤٠، ٤٧؛ ٧: ٣٨؛ ١١: ٢٥- ٢٦ ؛ ١٢: ٤٤، ٤٦؛ ١٤: ١٢ ؛ ١٧: ٢٠).

لەبەرئەوە ، گرنگە بۆ ئێمەی باوەڕدار بزانین و هەستی پێ بکەین

کاتێ خەڵکی باوەڕێکی تەنها ڕواڵەتی دەبێت ، ئەوا ڕزگاریان نابێت ، بەڵکو پێدەچێ لەیەکێك لە کاتەکاندا هەڵبگەڕێنەوە لە داهاتودا. لەلایەکی دیکەوە ، کاتێ خەڵکی باوەڕێکی دڵسۆزانەیان دەبێت ( دڵسۆزانەو ڕاستەقینە)، ئەوا ڕزگاریان دەبێت و ناکرێ هەڵبگەڕێنەوە ، چونکە خودا بۆخۆی کارە چاکەکە تەواو دەکات کە لەواندا دەستی پێکردوە ( فیلیپی ١: ٦)!

**یۆحەنا ٨: ٣١**

<u>**ئاشکراکردنی ٢ : واتای ئازادی ڕاستەقینە .**</u>

**تێبینیەکان** .

عیسا لە یۆحەنا ٨: ٣١- ٣٦ دەفەرموێ : " ئەگەر لەسەر وشەکانم (فێرکردنەکانم) بمێننەوە، ئەوا بەڕاستی قوتابی منن وڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات ... ئەگەر کوڕەکە ئازادی کردن، ئەوا بە ڕاستی ئازاد دەبن ." عیسا لێرەدا فێرمان دەکات لەبارەی سروشتی ئازادی ڕاستەقینەو دەستکەوتنی ئەو ئازادیە ڕاستەقینەیە .

**أ. ئازادی بەپێی جیهان ئەو ئازادیەیە مرۆڤ چۆنی بوێت و حەز بکات ئەوە بکات .**

لەو جیهانەی تیایدا دەژین ، زۆرێك لە خەڵکی دەڵێن ئازادی ئەوەیە توانادار بیت بۆ کردنی هەر کارێك کە دەتەوێت. ئازادی ئەوەی خۆت ڕابەری خۆت بیت ، وە گەورەی خۆت بیت لە دیاریکردنی چارەنوست. ئەوان دەڵێن کاتێ ئازاد دەبیت ، دەبێت بەکەس نەڵێی باوەڕت بە چی هەیە یان چی دەکەیت . ئەوان دەڵێن هیچ کۆت و بەندو سنورێك نیە بۆ ئەوەی دەتەوێ بیکەیت و ئەنجامی بدەیت ، دەبێت هەموو مرۆڤێك خۆی بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدات . عیسا دەفەرموێ ئەو ئازادیەی کە جیهان دەیبینێ بەهیچ شێوەیەك ئازادی نیە ! وە عیسا دەفەرموێ ئازادی لە ڕوانگەی جیهانەوە لە ڕاستیدا خۆپەرستی و خود پەرستیە !

**ب. ئازادی بەپێی جولەکە ئازاد بوونە لە بتپەرستی .**

جولەکەکان وتیان ئێمە هەرگیز کۆیلەی کەس نەبووینە لە ڕووی ڕۆحیەوە . ئەوان مەبەستیان ئەوە بوو کە هەرگیز تێکەڵ نەبوونە لەگەڵ بتپەرستان وەك نەتەوەکان . ئەوان پێیان وایە هەمیشە خودای زیندوو دەپەرستن . بەڵام جولەکەکان بەم قسانەیان ئەوەیان دەرخست کە یاخی بونەکانیان لەبەرامبەر خوداو گوناهەکانیان بیرنەمابوو لە ڕابردوودا . تەنانەت لەو کاتەشدا ، ئەوان بەردەوام بوون لە گوناهـەکانیان . ئەوەی عیسا دەیفەرموێ ئەوەیە کە ئازادی بە پێی بۆچوونی جولەکە بە هیچ شێوەیەك ئازادی نیە ! عیسا دەفەرموێ ئەو ئازادیەی جولەکە بڕوای پێ هەبوو لە ڕاستیدا کۆیلایەتیە بۆ گوناهەکانیان ! چونکە عیسا باسی ئازادبوونی لە بتپەرستی نەکرد بەڵکو ئازادبوون لە گوناهە !

**ج. ئازادی بەپێی عیسای مەسیح واتە ئازادبوون لە گوناهە .**

تەنها "گوناهـ" سەرچاوەی "خراپەکاریە" . چونکە "گوناهـ" سەربەخۆبوونە لەو خودایەی خۆی لە کتێبی پیرۆزدا ڕاگەیاندوە . "گوناهـ" لادانە لە ئامانجی خودا، وە دەستدرێژی کردنە سەر ڕاسپاردەکانی خودایە ، وە لادانە لە ڕاستی خودا. "گوناهـ" کارێکە خودای کتێبی پیرۆز ڕێگری لێدەکات ، وە نەکردنی کارێکە کە فەرمانی پێ دەکات. بڕوانە ڕێبەری ڕێنمایی یەکەم وانەی ٣.

عیسا لە یۆحەنا ٨: ٣٤ فێرمان دەکات کە هەموو ئەوانەی کارێکی گوناهە دەکەن کۆیلەی گوناهن ! بەم لێدوانە عیسا جیاکاری لابرد لە نێوان جولەکەو نەتەوەکانی (ناجولەکە). چونکە هەموان گوناهیان کردو کۆیلەی جۆرە گوناهێکن. ئیدی ناتوانن گوناهەیەکی دیاریکراو وەلانێن لە ژیانیاندا ! ناسینی خودای زیندوو لەگەڵ بەردەوام بوون لە گوناهەدا وای لە جولەکە کرد گوناهەکانیان زۆر بە ڕوونی دەربکەوێت ! تا جولەکە یان نەتەوەکان بەردەوام بن لە گوناهە وە نەیانەوێت بوەستن لە گوناهـ کردن ، ئیدی کۆیلەی گوناهن و بەهیچ شێوەیەك ئازاد نین ! ئینجا دوو چارەنوسیان هەیە ئەوانەی کۆیلەی گوناهن :

* کۆیلە زیندانیکراوە لەلای گەورەکەی ، ئەوەی بە گوناهە ناودەبرێ ، وە ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات لە کۆیلایەتیەکەی !

* کۆیلە چێژ نابینێ لە پێگەی تایبەتی نێو خێزان بۆ هەمیشە ، چونکە زۆرجار دەفرۆشرێ بە گەورەی دیکە .

کۆیلایەتی گوناهـ ئەزمونی بێهیواییە لەبەرئەوەی بێهیوایی دەخاتە دڵی کۆیلەکەوە ، چونکە ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات لە گوناهەکەی. وە کۆیلایەتی گوناهـ دەبیات بۆ کۆیلایەتی گەورەتر . کۆیلایەتی گوناهـ دەبیات بەرەو جۆرەها کۆیلایەتی دیکەی گوناهـ. بۆ نمونە ،

ئەو مرۆڤەی کە کۆیلەی گەندەڵیە لە ڕووی ڕەوشتەوە زۆرجار دەبێتە کۆیلەی فێرکردنە گومڕاکان و ساختەکان لەڕووی ڕۆحیەوە! وە ئەو کەسەی کۆیلەی زێدەڕۆیی و چاوتێرنەبوونە هەروەها دەبێتە کۆیلەی تەماشاکردنی تیڤی و فیلمی ڤیدیۆیی . وە ئەو کەسەی کۆیلەی خواردنەوەی کحولە ئاسانە ببێتە کۆیلەی مادده سڕکەرەکان و تاوانکردن .

عیسا فێرمان دەکات کە ئازادی ڕاستەقینە تەنها ئەو کاتە دەستدەکەوێت کە سەر بە عیسای مەسیح بێت جگە لەوە دەستناکەوێت . چونکە ئەو دەفەرموێ : " ئەگەر کوڕەکە ئازادی کردن، ئەوا بە ڕاستی ئازاد دەبن !" ئیدی بەم شێوەیە ، هەرکەسێك سەر بە مەسیح بێت ئازاد دەبێت لە گوناهەو کۆیلایەتی گوناهە ! بەڵام هەرکەسێ بیەوێ ئازاد بێت لە عیسای مەسیح ، ئەوا بە کۆیلایەتی گوناهەوە کۆت وبەند کراو دەبێت ! هەر یەکێك بیەوێ ئەزموندار بێت لە ئازادی لەڕوانگەی جیهانەوە ، ئەوا ئازادی بەتاڵە لە هەر سنورو کۆتوبەندێك ، ئیدی دەبێتە کۆیلە لە سنورو چوارچێوەی گوناهەدا ! لەبەرئەوە ، ئازادی تواناداری نیە لەسەر کردنی کارێك کە دەتەوێ بیکەیت ، بەڵکو تواناداریە لە سەر کردنی ئەو کارەی کە دەبێت بیکەیت . ئازادی لە ڕاستیدا ئەو کارەیە کە خودای کتێبی پیرۆز دەیەوێ بیکەیت ! لەبەرئەوە ، ناکرێت ئازادی ڕاستەقینە بە پەیڕەوکردنی ئاینی دەستبکەوێت ، چونکە ئاینەکانی جیهان چارەسەری کێشەی گوناهەیان پێناکرێت ، هەروەها چارەسەری کێشەی جیابونەوە لە خودای زیندویان پێناکرێت (ئیشایا ٥٩: ١- ٢)! ئازادی ڕاستەقینە لە دەرەوەی عیسای مەسیح بوونی نیە ، چونکە تەنها عیسای مەسیح بوو مرد لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەی گوناهەکانمان (١پەترۆس ٢: ٢٤)، وە تەنها عیسای مەسیح خەڵکی دەگەڕێنێتەوە بۆ خودای زیندوو (١پەترۆس ٣: ١٨). ئەوەی سەر بە عیسای مەسیح نەبێت ناتوانێت ئازادی ڕاستەقینە ئەزموندار بکات ! تەنها ئەو کاتەی کە سەر بە عیسای مەسیح دەبیت حەز دەکەیت ئەو کارە بکەیت کە دەبێت

بیکەیت ، وە تواناداردەبیت بە کردنی ئەو کارەی کە دەبێت بیکەیت ! " ئەگەر کوڕەکە ئازادی کردن، ئەوا بە ڕاستی ئازاد دەبن !"

**هەنگاوی ٣: پرسیار** . ڕونکردنەوە

**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ٨: ١- ٥٩ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.
**بنوسە:** وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.
**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).
**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ).
(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**یۆحەنا ٨: ٢١- ٢٤**

**پرسیاری ١ : عیسای مەسیح مەبەستی چی بوو لەوەی فەرمووی کە خەڵکی لە گوناهەکانیاندا دەمرن ئەگەر باوەڕی پێ نەهێنن ؟**

**تێبینیەکان .**

عیسا لە یۆحەنا ٨: ٢٤ دەفەرموێ "  چونکە ئەگەر باوەڕ نەهێنن کە من ئەوم، ئەوا لەناو گوناهەکانتان دەمرن . " دوو وشە " من ئەوم " واتە "منم ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەم سەبارەت بە خۆم ."

هاوشێوەی ئەم دەستەواژەو پێکهاتە یۆنانیە لە پەیمانی کۆندا :
خوداوەند دەفەرموێ ( " یەهوە " – لە عیبریدا) لە دەرچوون ٣:
١٤ : "  من هەم ئەوەی کە هەم " واتە " منم ئەوەی کە هەم ، یان " منم ئەوە و ئەوە دەبم ، هەمیشە ئەوەم کە خۆم ڕاگەیاندوە بۆتان ."
وە خوداوەند دەفەرموێ لە دواوتار ٣٢: ٣٩ : "  من، من ئەوم،
هیچ خودایەکی دیکە نییە لە پاڵم . " وە خوداوەند لە ئیشایا ٤٣: ١٠
دەفەرموێ: " ئێوە شایەتی منن،
بەندەی هەڵبژاردەم، بۆ ئەوەی بزانن و باوەڕم پێ بهێنن و
تێبگەن کە من ئەوم، پێش من شێوەی هیچ خودایەك نەکێشراوە و
پاش منیش نابێت ." هەموو خوداکانی ئاینەکانی دیکە بەهیچ
شێوەیەك ڕاستی نین ! تەنها لە داهێنانی دیندارەکانن .

هەمان پێکهاتەی زمانەوانی چەندین جار دوبارە بۆتەوە لە ئینجیلی یۆحەنادا. با گوێ بگرین لە عیسا کە دەفەرموێ : "  من ئەوم، ئەوەی قسەت لەگەڵ دەکات " (یۆحەنا ٤: ٢٦). وە بەو نابینایەی کە دادەنیشت بۆ سواڵ کردن پێی فەرموو: "  من ئەوم " (یۆحەنا ٩: ٩). وە عیسا فەرموی : " من ئەوەم (عیسای ناسیرەیی)" (یۆحەنا ١٨: ٥- ٨). وە لێرەدا لە یۆحەنا ٨: ٢٤ وتەکەی عیسا : "هەموو ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەم سەبارەت بە خۆم من ئەوم : " منم ئەوەی خودای باوك ناردوویەتی ، ئەوەی لەسەرەوەیە ، کوڕی مرۆڤ ، کوڕی تاقانەی خودا ، یەکسان لەگەڵ خودای باوك ، ئەوەی ژیان لە خۆیدا هەیە ، ناوەڕۆك و جەوهەرو ئامانجی کتێبی پیرۆز . من نانی ژیانم ( ٦: ٣٥) ، ڕوناکی جیهان (٨: ١٢) ، منم

دەرگای مەڕەکان (١٠: ٧)، شوانی دڵسۆز (١٠: ١١)، هەستانەوەو ژیان ( ١١: ٢٥- ٢٦) ، ڕێگاو ڕاستی و ژیان (١٤: ٦)، وە مێوی ڕاستەقینە (١٥: ١)."

عیسا فەرموی :"  ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، باوەڕ بە من ناهێنێت، بەڵکو بەوەی ناردوومی،  ئەوەش کە دەمبینێت، ئەوە دەبینێت کە ناردوومی " ( یۆحەنا ١٢: ٤٤- ٤٥).

کەس ناتوانێ بێ لایەن بێت بەرامبەر بە عیسای مەسیح ! یان باوەڕ دەهێنێ بە عیسای مەسیح ، وە یان باوەڕ ناهێنێ . هەموو ئەوانەی باوەڕ ناهێنن بە هەموو وشەکانی عیسا سەبارەت بە خۆی ئەوا لە گوناهەکانیدا دەمرێت ! لێرەدا "مردن" بە واتای "مردنی جەستەیی" نیە ، بەڵکو "مردنی تاهەتایی" ، واتە فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە . هەموو ئەوانەی عیسای مەسیح ڕەتدەکەنەوە ئاشتی و دڵنەوایی ئەزمون ناکەن لەکاتی مردنی جەستەیان . وە جگە لە بێهیوایی و تاریکی هیچی تر ئەزمون ناکەن . ئەوەی مەسیح ڕەتدەکاتەوە هاوکاری ناکات لە کاتی پێویستی و بێهیوایی. وە جگە لە توڕەیی خودا هیچی تر ئەزمون ناکات ، وە کۆتاییەکەی لەناوچوونی تاهەتاییە – دەریاچەی ئاگرو گۆگرد ، دۆزەخ . ناتوانێ بچێتە ئەو شوێنەی عیسای لێیە ، واتە ئاسمان شوێنی خودای باوك .

لە ئایەتی ٢١ ، دەڕوانێتە گوناهەی جولەکە ، ئەوانەی عیسایان ڕەتکردەوە بە شێوەیەکی گشتی ، بەڵام ئایەتی ٢٤ دەڕوانێتە جۆرێکی دیاریکراو . ئەوەی عیسا ناناسێت ، بە واتای پەیوەندی کەسێتی لەگەڵیدا ، ئەویش هەروەها خودای تاقانە ناناسێت . وە ئەوەی باوەڕ بە وتەکانی عیسای مەسیح ناهێنێت کە لەبارەی خۆیەوە ڕایدەگەیەنێت ، ئەوا خودا ڕەتدەکاتەوە ، چونکە خودا عیسای ناردوە ! لەکۆتاییدا ئەم کەسەش چارەنوسی فڕێدانە بۆ ناو دۆزەخ.

**یۆحەنا ٨: ٣٧ـ ٤٥**

**پرسیاری ٢ : کێن ئەوانەی نەوەی ڕاستەقینەی ئیبراهیمن ؟**

**تێبینیەکان .**

**أ. جولەکە وەك نەژاد ، نەوەی ڕاستەقینەی ئیبراهیم نین .**

عیسا لە ئایەتی ٣٧ ئاماژە بە جولەکە دەکات بەوەی نەوەی جەستەیی ئیبراهیمن . بەڵام لە ئایەتی ٣٩ دەفەرموێ ئەگەر ەئوان نەوەی ڕۆحیی ئیبراهیم بن بە ڕاستی ئەو کارانەیان دەکرد کە ئیبراهیم دەیکردن . چونکە ئیبراهیم بە گەرمی پێشوازی لەوانە کرد کە خودا ناردبووی بۆلای ، وە گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی خودا بوو ، وە متمانەی ڕاستەقینەی هەبوو بە خودا بەوەی ئەو کارانە دەکات کە خودا بەڵێنی پێداوە . لە کۆتاییدا بەپێی ئایەتی ٥٦ ، ئیبراهیم دڵشاد بوە بەو ڕۆژەی لە ئایندەدا مەسیای تێدا دەبینێت ، عیسای مەسیح (بڕوانە پەیدابوون ١٢: ٣؛ ٢٢: ١٨). بەڵام جولەکە ئەوکارانەیان نەکرد کە ئیبراهیم دەیکرد ، بەڵکو بەرهەڵستی مەسیایان کرد ، وە ڕەتیان کردەوە ، لەکۆتاییدا پلانیان دانا بۆ کوشتنی !

عیسا ئەوەی دەرخست کە ڕابەران و مامۆستایانی ئاینی جولەکە نەوەی ئیبراهیم نین ، بەڵکو نەوەی ئیبلیسن . چونکە ئیبلیس درۆزن و بکوژە لەسەرەتای بەدیهێنانەوە ، هەروەك ڕابەران و مامۆستایانی ئاینی جولەکە درۆزن و بکوژ بوون ! لەبەرئەوە ، ئیبلیس باوکی ڕاستەقینەی ئەوانە ، چونکە هەڵوێست و کارەکانیان باوکی ڕاستەقینەیانی دەرخست !

**ب. باوەڕداران بە مەسیح لە هەموو نەتەوەو زمانەکانی جیهان (بە جولەکەوە) ئەوان نەوەی ڕاستەقینەی ئیبراهیمن.**

لێرەدا باسەکە لەسەر ئەوانە نیە کە تەنها بەناو مەسیحین ، بەڵکو باوەڕدارانی ڕاستەقینە بە عیسای مەسیح . پۆڵسی نێردراو فێرمان دەکات کە ئیبراهیم باوکی هەموو باوەڕدارانە (ڕۆما ٤: ١١- ١٦). ئەو فێرمان دەکات کە بەرەکەتەکانی خودا و بەڵێنەکانی نەدراوە بەوانەی بە جەستە نەوەی ئیبراهیمن ، بەڵکو بەتەنها یەك نەوەی ئیبراهیم ، عیسای مەسیح (گەلاتیە ٤: ١٤- ٢٩)! لەبەرئەوە ، هەموو ئەوانەی سەر بە عیسای مەسیحن هەروەها دەبنە کوڕی ئیبراهیم ، وە ئەوانەی سەر بە عیسای مەسیح نین ئەوا کوڕی ئیبراهیم نین ! کەس ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات باشترە لە هەموان لەبەرئەوەی بە جەستە نەوەی ئیبراهیمە . چونکە هەموو ئەوانەی باوەڕدارن بە عیسای مەسیح ئەوان بەڕاستی کوڕی ڕاستەقینەی ئیبراهیمن .

**یۆحەنا ٨: ٥١**

**<u>پرسیاری ٣: مەبەستی چی بوو عیسا لەوەی کە فەرموی: " ئەگەر یەکێك گوێڕایەڵی وشەکانم بێت هەرگیز مردن نابینێت " ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

واتای " گوێڕایەڵی"وشەکانی عیسا پێشوازیکردنە لێی بە باوەڕ ، وە گوێڕایەڵ بوونە ، وە ئێشکگرتن و شەونخونی و پاسەوانییە تاکو کەس لێی نەدزێ . بەو واتایە نیە کە تەنها جارێك کار بکرێت بە وشەکانی ، بەڵکو بە بەردەوامی و گوێڕایەڵی بۆ وشەکانی . ئەوانەی تەنها بە شێوەیەکی لاوەکی پەیوەستن بە مەسیحەوە یان تەنها هەڵوێستێکی باشیان دەردەکەوێت ، چونکە عیسا تەنها پێشوازی لەوانە دەکات بە بەردەوامی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ کارکردن بە خواستەکانی خودا .

عیسا بەڵین دەدات بەوانەی گوێڕایەڵی وشەکانی دەبن مردن نابینن. وە جارێکی دیکە جولەکە لە وتەکانی مەسیح تێنەگەیشتن کە ئەو لەبارەی "مردنی ڕۆحیەوە" دەدوێ . جولەکەکان بەشێوەی وشیبەندی مامەڵەیان دەکرد لەگەڵ هەموو وتەکانی عیسا ، بۆیە نەیاندەتوانی تێبگەن لە فێرکردنەکانی عیسا . جولەکە تەنها بیریان لە مردنی جەستەیی دەکردەوە ، بەڵام عیسا دەربارەی مردنێکی مەترسیدارو گرنگتر دەدوا نەك ئەوەی کە جولەکە بیریان لێدەکردەوە . عیسا لەبارەی مردنێکەوە دەدوا کە پچڕانی پەیوەندیە لەگەڵ خودا ، ئەو مەبەستی جیابونەوە بوو لە خوداو ئامادەگی خودایی و چاودێری و خۆشەویستیەکەی ، وە مانەوە لە توڕەیی خوداو حوکمدانی خودا بۆ هەتاهەتایە (بڕوانە ٢ سالۆنیکی ١: ٨-٩). عیسا بەڵێنی دا کە هەر کەسێك گوێڕایەڵی وشەکانی بێت جیانابێتەوە لە ئامادەگی خوداو چاودێری و خۆشەویستیەکەی ، وە لە حوکمدان و توڕەیی خودا نامێنێتەوە !

**یۆحەنا ٨: ٥٦**

**<u>پرسیاری ٤ : چۆن ئیبراهیم ڕۆژی عیسای مەسیحی بینی ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

عیسا لە یۆحەنا ٨: ٥٦ دا فەرموی : " ئیبراهیمی باوکتان دڵشاد بوو کە ڕۆژی هاتنی من ببینێت، جا ئەو ڕۆژەی بینی و دڵخۆش بوو. " ئەمەش واتای ئەوە نیە کە ئیبراهیم بە تەواوی عیسای مەسیحی بینیوە ، بەڵام ڕۆژی عیسای مەسیحی بینی . کاتێ خودا بەڵینی دا بە ئیبراهیم بە کوڕێك ئیبراهیم زۆر دڵخۆش بوو. وە ئیبراهیم ماوەی بیست وپێنج ساڵ باوەڕی بە بەڵێنەکە بوو ، پاشان کوڕە بەڵێن پێدراوەکەی لەدایک بوو ، ئەوەی ناوی نا "ئیسحاق" ، واتە "پێکەنین" . بەڵێن بە لەدایکبونی ئەو کوڕەو هاتنەدی بەڵێنەکە زۆر گرنگ بوو بەلای ئیبراهیمەوە .

له پەیدابوون ١٢: ٣ ، ٧؛ ٢٢: ١٨ خودا بەڵێنی دا بە ئیبراهیم و فەرموی : " له ڕێگەی نەوەی تۆشەوە هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی بەرەکەتدار دەبن . " ئیدی بەم شێوەیە ، هاتنی ئەم کوڕە تەنها دڵخۆشیەکی کاتیی نیە ، بەڵکو بەرەکەتی ڕۆحی بەم کوڕەوە بەستراوە بەوەی کاریگەری دەکاتە سەر هەموو جیهان ! هەموو نەتەوەکانی جیهان لەڕێگەی یەکێك لە کوڕەکانی ئیبراهیمەوە بەرەکەتدار دەبن . ئیبراهیم دەیزانی ئەم کوڕە مەسیایە ، ئەوەی هیوای هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتیە ، کەواتە ئەو ڕزگارکاری جیهانە ! نامەی عیبرانیەکان ١١: ٤- ١٣پێمان ڕاگەدەیەنێت کە تەنانەت پێش ئیبراهیم هابیل و ئەخنوخ و نوح ئەو شتانەیان دەستنەکەوت کە بەڵێنیان پێدرابوو ، بەڵام بەباوەڕ ئەوەیان لە دورەوە دەبینی کە خودا بەڵێنی پێدابوون ، بەم واتایەش ئیبراهیم ڕۆژی هاتنی عیسای مەسیح ، مەسیای دەبینی . بە باوەڕ وژیانی لە دورەوە دەیبینی ، وە دڵخۆش بوو بە هاتنی عیسای مەسیح .

**هەنگاوی ٤: پەیڕەوی بکە.** **پەیڕەوکردن**

**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە یۆحەنا ٨: ١- ٥٩.

**بیربکەوە** : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

**بنوسە** : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا دایناوە لەسەر دڵت. (لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ).

## ١- نمونه لەسەر پەیرەوکردنی پێشنیارکراو لە ئینجیلی یۆحەنا (٨) .

٨: ٣- ٥ : داوێن پیسی بێگومان تاوانێکی گەورەو مەترسیدارە. لە پەیمانی کۆندا ، پیاو و ژن کە لە داوێن پیسیدا دەستگیر دەکران دەکوژران . بەڵام لەم سەردەمەی ئێستاماندا ، مەسیح مرد و بوە قوربانی کەفارەتی گوناهەکان . بۆیە ئەگەر کەسێك تۆبەیەکی ڕاستەقینەی کرد و دانی نا بە گوناهەکانیدا لەبەردەم عیسای مەسیح ، خوداوەند عیسا لێی خۆش دەبێت و پاکی دەکاتەوە لە هەموو تاوان و گوناهەیەك ( ١یۆحەنا ١: ٩) . لەگەڵ ئەمەدا ، تا ئێستاش هەندێ ڕابەرو مامۆستای ئاینی هەن لە ئەمڕۆدا ئەوانەی هیچ شتێك بەلایانەوە گرنگ نیە تەنها ئەوە نەبێت تاوانباران دەستگیر دەکەن بەپێی شەریعەت و یاسا ئاینیەکانیان و دواتر دەیانکوژن . هۆکاری ئەم کارەیان ئەوەیە ئەوان نە عیسای مەسیح دەناسن و نە فێرکردنەکانی پەیمانی نوێ لەبارەی نیعمەت و لێخۆشبون . تا ئێستاش ئەوان لە ژێر سایەی شەریعەتی پەیمانی کۆندا دەژین. ئەوان تەنها نەدۆڕاون لە گوێڕایەڵی تەواویان بۆ هەموو شەریعەتی خودا ، بەڵکو هەروەها جێگەی خوداش دەگرنەوە وەك دادوەر بە کوشتنی ئەوانەی پێیان وایە سەرپێچی شەریعەتی خودایان کردوە. چونکە نهێنی شەریعەتەکانی پەیمانی کۆن هەمیشە لە ژێر ڕوناکی هاتنی یەکەمی عیسای مەسیحدایە ولە ژێر ڕوناکی فێرکردنەکانی پەیمانی نوێدایە .

٨:٦: کەسانێک هەن بە پرسیارەکانیان تاقیت دەکەنەوە تاکو شتێکیان بە دەستەوە بێت بۆ سکاڵایان لەسەرت لەبەردەم دەسەڵاتدارانی ئاینی و مەدەنی . تۆ ناچار نیت وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان بدەیتەوە . هەندێ جار بێ دەنگی باشترین وەڵامە.

٨: ٧: بەڵام هەندێ کاتی دیکە هەیە باشترە تۆ پرسیاریان لێ بکەیت بۆ ئەوەی هانیان بدات بۆ بیرکردنەوەیان لە گوناهەکانیان و

خۆپشكنین ئەمە باشترین وەڵامە بۆیان. عیسا بە ڕستەیەك هانیدان بۆ خۆپشكنین و فەرموی :" كامەتان بێ گوناهە با یەكەم بێت بەردێكی تێبگرێ . " لە ڕاستیدا كەسیان نەهاتە پێشەوە بۆ سەنگ باران كردنی ژنەكە ئەوەش سەلماندی كە هەموان گوناهبارن بە تاوانی داوێن پیسی لە یەكێك لەكاتەكانی ژیانیاندا . مەتا ٥: ٢٧- ٣٠ بخوێنەوە . تەختە دارەكەی ناوچاوت دەربهێنە پێش ئەوەی هەوڵ بدەی پوشی ناوچاوی كەسێكی دیكە دەربهێنی ( لۆقا ٦: ٤١- ٤٢).

٨: ١١: دوای ئەوەی عیسا لە گوناهەكانت خۆش دەبێت ، واز لە ژیانی گوناهە بهێنە ! پەندەكان ٢٨: ١٣ .

٨: ١٢: دوای عیسا بكەوە و هەمیشە چێژ وەردەگریت لە ڕوناكی ڕزگاری و تێربوون لە نوێبونەوەو بەرەكەت.

٨: ١٥: حوكم مەدە بەسەر خەڵكی دیكەدا . خەڵكی تاوانباركردن وحوكمدان كاری عیسای مەسیحە ( یۆحەنا ٥: ٢٢). عیسا نەهاتوە جیهان حوكم بدات لەسەر گوناهەكانی ، چونكە هەر لە بنەڕەتدا جیهان حوكمدراوە ، بەڵكو هاتوە تاكو گومڕاكان و لەناوچوان و حوكمدراوەكان ڕزگار بكات ( یۆحەنا ٣: ١٧- ١٨). عیسا نەهاتوە بەپێی پێوەرەكانی مرۆڤانە حوكم بدات (یۆحەنا ٨: ١٥ ؛ مەتا ٧: ١- ٢)، لەگەڵ ئەوەی قسەی زۆری هەبوو بیڵێت وەك حوكمدان لەسەر ڕابەرو مامۆستایانی ئایینی جولەكە ( یۆحەنا ٨: ٢٦). عیسا هات تاكو حوكمی ئەو خەڵكانە بدات كە پێیان وایە هیچ گوناهەیەكیان نیەو ڕاستودروستن ( یۆحەنا ٩: ٣٩).

٨: ٣١: گوێرایەڵی فێركردنەكانی عیسا بە ، ئەمە دەریدەخات كە تۆ قوتابی عیسای مەسیحی.

٨: ٣٢: گوێرایەڵی فێركردنەكانی عیسا بە ، بەتەواوی ئازاد دەبیت.

٨: ٤٢: خوداوەند عیسای مەسیحت خۆش بوێ ، ئەو پیشانت دەدات كە خودا باوكی ئاسمانیتە .

٨: ٤٤: ئەوانەی لە جیهاندا بەردەوامن لە درۆ و کوشتنی خەڵکی نەوەی ئیبلیسن . وە بە دڵنیاییەوە خودای کتێبی پیرۆز باوکیان نیە !

## ٢. نمونە لەسەر پەیرەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێ پێداگری بکەم لەوەی باوەڕێکی چەسپاوم هەبێت نەك باوەڕێکی ڕوکەش . وە کاتێ کتێبی پیرۆز دەخوێنمەوە دەمەوێ تەنها باوەڕ بە ڕاستیە هزریەکان نەکەم ، بەڵکو هەموو ژیانم تەرخان بکەم بۆ ئەو ڕاستیانە . دەمەوێ بەردەوام بم لە نوێژ کردن تاکو ڕۆحی پیرۆز وام لێدەکات گوێڕایەڵ بم بە هەموو دڵمەوە و خۆم تەرخان بکەم بۆ ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز و پێوەی پەیوەست بم .

ب. دەمەوێ بژیم لە ئازادی ڕاستەقینەدا نەك ئەو ئازادیەی لە ڕوانگەی جیهانەوەیە . ئازادی لە ڕوانگەی جیهانەوە هیچ سنورو چوارچێوەیەکی نیە. ئەوان دەیانەوێ هەرچیەکیان پێ خۆش بێ بیکەن ، نەك ئەوەی دەبێت و لەسەریانە بیکەن ! هەموو ڕۆژێك دەمەوێ هەڵبژاردەم ئەوە بێت ئەو کارانە بکەم کە خودا دەیەوێت لێم بیکەم . ئەمە ئازادی ڕاستەقینەیە ! دەمەوێت لێکۆڵینەوە بکەم لە کتێبی پیرۆز و بژاردەم ئەوە بێت کە بەپێی کتێبی پیرۆز بژیم.

**هەنگاوی ٥. نوێژ بکە . هاتنەدەنگ**
بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە یۆحەنا ٨: ١- ٥٩ .
( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا ). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر ).

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژی داكۆكیكاری** |

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی كۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەكانتان بەرز بكەنەوە لە پێناوی یەكتر و لە پێناوی خەڵكی جیهان.

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەركی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری كۆمەڵەكە .** ئەركی داهاتوو بدە بە ئەندامانی كۆمەڵەكەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بكە لە پەڕاوەكانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەكانی خوداوەند و بونیادنانی كڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێركردن ، یان وانە دابەشكردن (لەگەڵ كەسێكی تر یان لەگەڵ كۆمەڵێكدا) بەشی هەشتەمی ئینجیلی یۆحەنا.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ٢ سالۆنیكی ١-٣ . باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .
٤- لەبەركردن : تێڕامان بكەو ئایەتی نوێی لەبەركردن : یۆحەنا ٧: ٣٨ لەبەر بكە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە كە لەبەرت كردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بكە بۆ كەسێكی دیاریكراو یان شتێكی دیاریكراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بكە خودا چی دەكات ( زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەكانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی كڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە كە پەیوەندیان بە كاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەكانی لەبەركردن و فێركردن و ئامادەكاری یەوە هەیە.